

# نۆستالژیا

**حەسەن هەندرێنی**

کۆنە وارێکی سەیرە، نە دەنگی گاڵەگاڵی هەور و نە شریخەی برووسکە بە ئاگای نایەنێ، لە هەر خولەکێک گوللەتۆپێکی بە سەردا بباریێ، ناتوانێ لە شیرینە خەودا ڕاپەڕێنێ. نە هیچ جۆرێکی باڵندە بەسەر ئاسمانییەوە جووڵەی دیارە، نە چۆلەکەیەک جریوەجریوی دێت.

ئەوە لە قژاقژی هەنگ و هاڕە و باعەباعی مێگەلیش، لە پڕمە و کوڕژنی ئەسپ و ماینیش هەرگەڕێ.

ئەگەر جاران لەژێر خوڕەی ئاوی ئەو چەمەی لەسەرێڕا دەهاتە خوار، سەدان دارگوێز و دارچناری باڵابەرز گەڵاکانیان دەشنانەوە، ئەوە ئێستا دارێک بەپێوە نەماوە گەواهی ئەو ڕاستییەمان بۆ بدات.

ئەو دێیە مەزنەی جاران و وێرانە گوندەی ئێستا، کەس ناوێرێ نە کشتوکاڵی تێدا بکات، نە نزیکی بکەوێتەوە. چوار وەرزی ساڵ باران بیشواتەوە، هێشتا لیژنەی پزیشکان ڕێگە نادەن خەڵکی بۆ بگەڕێتەوە. دەڵێن هەر ژن و مێردێک لەوێ جووت ببن و ژنەکە زگی پڕ ببێ، ئەوە گومانی تێدا نییە کۆرپەڵەکەی بە ساغی لە دایک نابێت، شەل و گێڕ، یان تەنگەنەفەس دەبێت.

کەچی بەهمەن (هێمن)ی دوێنێ، دوای ئەوەی لە ڕۆژی کیمیابارانەکە لاشەی هەموو کەسوکارەکەی لەوێ بەجێهێشت و چەند ڕیشدارێک لەو ناوە چوارمەشقی هەڵیانگرت، پاشان بە سواری ئێسترێک گەیاندیانە سەر سنووری ئێران و لەوێش لە شارەدێیەکی ئەو سەر سنوورە گەیاندرایە نەخۆشخانە

و لەگەڵ سەدانی تر لە مردنێکی هەربوو ڕزگاری بوو. ئێستا خەونی گەڕانەوە بەو گوندە وا خەریکە بە تەواوی شێتی دەکات، هەرچی پزیشکی شارەزا و پسپۆڕ هەن بە دەوریەوە دەخولێنەوە، ناتوانن ئەو ڕۆژە خۆشانەی ئەوێی لە بیر ببەنەوە. ئەو دەڵێ: «ئاخر چۆن دەبێ ئێوە بە بەهەشت بڵێن کەڵکی ژیانی پێوە نییە، ئەگەر ئێوە دەزانن چ بەهەشتێک بوو، هەرگیز زارتان نایگرێ قسەیەکی ئاوا پووچ، بە ڕووی مندا بکەن».

ئەو، کە زیاتر لەسەر باسی ئەوێ دەڕوات، پێیان دەڵێت: «گوندەکەمان ئەمبەرەوبەر بوو، چەمێکی درێژ لە بن چیا تا دامێنی گوند بە خوڕە و هاژەی هەمیشە، لێژ دەبووەوە و لەوێش بۆ دەشتە پان و بەرینەکانی باشوور، گەلی و گەلی وەک ئەژدیهایەکی حەوت سەر بەرەو خوار دەخوشی، یان لەگەڵ چەند لکێکی تر یەکیان دەگرتەوە و دەڕژانە بەنداو». دەڵێت: «ئەگەر بە سەعاتان لەبن سێبەری دارگوێز و دارچناران برۆیشتبای، مەگەر ئەو تیرێژە ڕاکشاوانەی لەنێو پەلکی درەختەکان ناوبەناو درێژدەبوونەوە و چاوت دەسمن، ئەگینا تا لەوێ دوور نەکەوتبایەوە، بە شەو و ڕۆژ چەند سەعاتێکی کەم ڕۆژت بە خڕی، بە ئاسمانەوە نەدەدیت. کەم ماڵ هەبوو مێگەلێکی نەبێ، چەند سەر ئەسپ و مایین و ئێستری نەبێ، چەند خەڵێفە هەنگ و چەند گا و مانگا و مریشک و کەڵەشێر و قاز و مراوی نەبێ، کە ئەمانەی دوایی، خۆیان لە ئەستێلکی خوار ماڵان لە گۆلاوەکە وەردەدا و مراوییەکان کەیفی دونیایان لەو ئاوە دەکرد».

بەهمەن ئەوەندە لە بیستنی ئەو جۆرە قسانە بێزار بووە، بڕیاری داوە کڕ ببێ و ورتە لە زاری نەیەتەدەر، ئەو دەیەوێت لەگەڵ خەیاڵەکانی بژییێت و چێژی ئەو ڕۆژە خۆشانەی ئەوێ نەخاتە بەر ڕەحمەتی چەقۆی ئەو قسە بێ بڕشت و بێزارکەرانەی خەڵکی ئێرە. ئەو دەیەوێ وەک چۆن هەموو بەرەبەیانیان، تاریک و ڕوون لەگەڵ باوکی بۆ کەرەکانیان دەچوونە ئەو کێوەی؛ ئێواران هێشتا بە تەواوی خۆر ئاوا نەدەبوو، سێبەری خۆی بەسەر ماڵاندا دەکێشا و پێش ئاوابوونیشی شنەیەکی فێنکی دەپژاند، لەگەڵ هەر گەردێکیدا هەناسەی نوێی بە ژیان دەدایەوە. دەچوون تا زووە چەند بارە دارێک بێننەوە و فریای کارەکانی تری ڕۆژیان بکەون. ئەو، کە ئاودێرێکی باش بوو، نەیدەهێشت دڵی کەس برەنجێ و هەموو باخچەکانی ئەو ئاواییە بە بەرنامەیەکی یەکسان تێراو دەبوون.

لەسەر چەرپایێ، یان لەنێو ئەو پارچە چیمەنەی نەخۆشخانە، لەکۆڕی ئەم و ئەوبێ، یان لەژێر پشکنینی پزیشک، ئەو کچە خەیاڵی بەر نادات کە پێش کارەساتەکە بە نیاز بوو بنێرێتە خوازبێنی کردنی. وەک بڵێی نایەوێ خیانەت لە هەستەکانی بکات، یان نا، من هەڵەم، ئەو ئاوێتەی ڕۆحی بووبوو و چەشنی ئاوێتەبوونی ڕۆحی مەولانا بە شەمسی تەبریزی! سەدان پرسیار بەسەریدا ڕژابان، تا دەستبەرداری خەیاڵی ئەو ڕۆژە نەبا، وەڵامی کەسی نەدەدایەوە. ئەو ڕۆژەی کە لاشەی شل و شێواوی نیوەکەی خۆی، ئەو کچە دڵخوازەی ئاواتەکانی بۆ دابین دەکردن، لە ڕۆخ کانیاوی سەر ڕێی مزگەوتی گوندەکەیانی بینی، هێشتا بە تەواوی باوەڕی نەدەکرد، تا بە دەستەکانی خۆی هەڵیگێڕایەوە و چاوەشینەکانی ڕوو لە ئاسمان بە ئەبڵەقی مابوونەوە! وەک بڵێی لەو کاتە بە هێمن (بەهمەن)ی ئێستا بڵێ:

«بـه خـوا حـەز ناكـەم بمـرم، حەزدەكـەم هيـچ نەبێ شـەوێک، لەنێـو پێخـەف ڕۆژ لـە باخەڵـی تـۆدا بكەمـەوە». ئـەو كـە تونـد لاشـەی شـلێری لـە بـاوەش گرتبـوو، یـەک بـە خـۆی هـاواری دەكرد و دەگریا. دەسـتەیەک گەنجی ڕیشـن كـە بینییـان دەنگـی پڵمەیەكـی پـڕ ناڵـە لـەم نـاوە خەریكـە عـەرش دەلەرزێنـێ، بـە گورجـی بـەرەو ئـەوێ ڕۆیشـتن. لاشـەی شـلێریان لـە چنگـی هێمـن دەرێنـا و چوارمەشـقی بەرزیـان كـردەوە، قاچەكانی هـەر بە هـەواوە بوون لـە كەلێنـی نێـو باسـكی ئـەوان، بـە گریانـە پـڕ ئازارەكـەی ئـاوڕی بـۆ لاشـەی یـەک بـە یەكـی كەسـوكار و شـلێری دڵخـوازی خـۆی دایـەوە.

تـا بـە تـەواوی لـەو شـیو و دۆڵانـە دووریـان نەخسـتەوە و بـە تـەواوی لـە نـاو چـڕە دووكەڵـی سـپیی كیمیاییەكـە دەریـان نەكـرد، نەیانهێشـت پێیەكانـی لـە سـەر زەوی دابنـێ و قۆڵەكانیـان بەرنـەدا. هێشـتا دەترسـان مەیلـی گەڕانـەوەی بـۆ سـەر لاشـەكان بەسـەر خواسـتی ڕزگاربـوون زاڵ بێ و لـە چنگیـان ڕابكات و ئەوانیـش لـە ترسـی گیانیـان نەگەڕێنـەوە سـەری و لێـی گەڕێـن ئەویـش لـەوێ لـە تـەک لاشـەی كەسـوكاری دوا هەناسـەكانی خـۆی بـدات.

لەسـەر سـنوور لەگـەڵ ئەوانـە جـوێ كرانـەوە كـە ڕەوانـەی نەخۆشـخانە دەكـران، تـا ئـەوێ هێشـتا هێندێـک نیشـانە بـە تـەواوی لێـی بەدیـار نەكەوتبـوون، تـا زیاتـر دەمایـەوە، زیاتر نیشـانەكانی بەركەوتنـی كیمیایـی لەسـەر ڕوخسـار و نـاو هەناویدا بەدیـار دەكەوتـن.

بەهمەنـی ئێسـتا، ئـەو ڕۆژانـەی بەبیـر نایـەن كـە مـاوەی سـێ ڕۆژ بـێ هـۆش بـووە و لـە هۆڵـی چاودێریـی چـڕ بەڕێـی كـردووە.

ئەوەی وەک یادگارییەک بە گوندەكەی دەیبەستێتەوە و خەیاڵەكانـی لێـی ناپچڕێـن، تەنگەنەفەسـییەكەیەتی، هـەر كـەس لێـی بپرسـێ بەچـی وات لێهـات؟ سـەر لـە نـوێ لاپـەڕەكانـی ئـەو ڕۆژە هەڵدەداتـەوە و بـە كـول و كۆڤـان، ورد ورد كارەساتەكە دەگێڕێتـەوە، ئـەوەی لـە گێڕانەوەشـدا لـە بیـری نـاكات، خۆشەویسـتی خۆیەتـی بـۆ كچێـک، كـە بـە شـلێر نـاوی دێنـێ.

**فەرهەنگۆک:**

نۆسـتالژیا: سـۆزی غەریبـی، یـان سـۆزی گەڕانـەوە بـۆ ڕابـوردووی نیشـتمان، یـان گەڕانـەوە بـۆ ڕابـوردووی ئـازار و خەمـەكان.

گاڵەگاڵ: هەراهەرای هەور.

شریخە: دەنگی برووسک.

ڤژاڤژ: دەنگی پوورەی هەنگ.

پرمە: دەنگی لووتی یەكسم ( وڵاخە بەرزە).

كوڕژن: حیلەی ئەسپ.

هەربوو: حەتمی.

تیرێژ: تیرۆژ، تیشكی ڕۆژ، پرشنگ.

پەلک: گەڵا.

ئەسـتێلک: سـتێر، گـۆل، گـۆلاو، گۆمـاو، مەنداو، حـەوز، برک.

**٢٤/ ٤ / ٢٠٢٣ هەولێر**